# وەقایعی کوردستان

رۆژنـامـەی ڕەسـمیی هـەرێمی کـوردسـتـانە - وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمارە (٢٨٠)ساڵی بیست و یەکەم | ١٦ ئادار ٢٠٢٢ ز. | ٤ ڕەشەمێ ٢٧٢١ کوردی | ١٢ شەعبان ١٤٤٣ کۆچی

280



**یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١** ل ١

یاسای سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ڕێنمایی ژمارە(١) ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ٤

تایبەت بە ڕێکخستنی هاوردەکردن و مامەڵەکردن بە دەرمان و ڤاکسین و پێداویستی ڤێتێرنەری

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** ل ١٥

نازناوی زانستی بۆ ( پزیشکان و پزیشکانی ددان و دەرمانسازان )

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی وئابووری** ل ١٧

درێژکردنەوەی مۆڵەتی فەرمانبەرانی دەرەوەی وڵات

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی وئابووری** ل ١٨

تایبەت بەپوولی دارایی

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە** ل ١٩

تایبەت بە چاودێری ژینگەیی بۆ پرۆژەکان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ دەستەی دەسپاکی** ل ٢٠

تایبەت بە بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی

**بەیانی ژمارە (٢ و ٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی داد** ل ٢٢

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٣

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٥

گواستنەوەی گوندی (نزیرکی)

**بەیانی ژمارە (٥ و ٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** ل ٢٥

**بەیانی ژمارە (٤-٥-٦-٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٢٦

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٨٠) الحادي والعشرون 	١٦ آذار ٢٠٢٢م. 	٤ رەشەمێ ٢٧٢١ک. 	١٢ شعبان ١٤٤٣ هـ.

**280**

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



**قانون رقم (٢٠) لسنة ٢٠٢١** ص ٢٧

قانون مشرفي المشاريع الزراعية في القطاع الخاص في إقليم كوردستان - العراق

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ هيئة النزاهة** ص ٣٠

تعليمات آليات متابعة تنفيذ الإستراتيجية الوطنية لمكافحة الفساد

في إقليم كوردستان – العراق (٢٠٢١-٢٠٢٥)


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الزراعة و الموارد المائية** ص ٤

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة** ص ١٥

**تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية و الأقتصاد** ص ١٧

**تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية و الأقتصاد** ص ١٨

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ هيئة حماية وتحسين البيئة** ص ١٩

**بيان رقم (٢ و ٣) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العدل** ص ٢٢

**تعليمات رقم (٧ و ٨) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية** ص ٢٣

**بيان رقم (٥ و ٦) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الصحة** ص ٢٥

**بيان رقم (٤-٥-٦-٧) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢٦



No.: 280 Date: March 16, 2022 Vol.: 21



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٨ - ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٦٦٢٢٤٥٥١٤

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق**

پاڵپشت بە حوكمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو و بـڕگەی (یەكەم)ی مـاددەی (٧٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردسـتان ـ عێـراق، و لەسـەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، پەرلەمانی كوردستان لـە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (١٢)ی ڕۆژی ٢٠٢١/١٢/٢١ ئەم یاسایەی پەسەند كرد:

**یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یاسای سەرپەرشتیارانی پڕۆژەكانی كشتوكاڵی لە كەرتی تایبەت**

**لە هەرێمی كوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

بۆ مەبەستی حوكمەكانی ئەم یاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خـوارەوە ماناكـانی بەرامبەریـان دەگەیەنن:

**یەكەم**: **هەرێم**: هەرێمی كوردستان - عێراق.

**دووەم**: **وەزیر**: وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاوی هەرێم.

**سـێیەم**: **بەڕێـوەبەرایەتی پەیوەندیـدار**: هەریەكە لە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی كشـتوكاڵ و بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری لە پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان دەگرێتەوە.

**چوارەم**: **سـەندیكا و كۆمەڵەكـان**: هەر یەک لە سـەندیكاكانی ئەنـدازیارە كشـتوكاڵییەكان، پزیشـكانی ڤێتێرنەری و هونەرییە كشتوكاڵییەكان، و كۆمەڵەی كارمەندانی ڤێتێرنەری و هەر كۆمەڵەیەكی تری كشتوكاڵی، دەگرێتەوە.

**پێنجەم**: **پڕۆژەی كشتوكاڵی**: یەكەی بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی یان كارگەكـانی پیشەسازی خـۆراک، كە لەلایەن جوتیار یان وەرزێر یان وەبەرهێن، بەپێی یاسا بەركارەكان دامەزرێندراوە، بە ئامـانجی بوژانەوەی بەرهەمهێنانی ڕووەكی، سامانی ئاژەڵی و گیانەوەرە ئاوییەكان، پەلەوەریی، هەنگ و مێـروە سوودبەخشـەكان، كە سـەرچاوەی ئـابووری كشـتوكاڵی لە مـاوەیەكی دیـاریكراودا لەم بوارانەدا بەگەردەخەن.

**شەشەم**: **سەرپەرشتیار**: هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس یان دبلۆم یـان دەرچـووی ئامـادەیی لە بـواری كشتوكاڵی یان ڤێتێرنەری، كە ئەندام بێت لە سەندیكا یان كۆمەڵەكان، و سەرپەرشـتی پـڕۆژەی كشتوكاڵی بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەكات.

**ماددەی (٢):**

**یەكەم**: هەمـوو پڕۆژەیەكـی كشـتوكاڵی سەرپەرشـتیاری دەبێـت، بە ڕەزامەنـدی بەڕێـوەبەرایەتی پەیوەندیدار و لارینەبوونی سەندیكا و كۆمەڵە، بەو مەرجەی لە كەرتی گشتی دانەمەزرابێت.

**دووەم**: هەڵگرانی بڕوانامەی بواری کشتوکاڵی و ڤێتێرنەری سەرپەرشتی بوارەکانی پڕۆژەی کشتوکاڵی دەکەن بەپێی تایبەتمەندیان.

**سێیەم**: پێویستە سەرپەرشتیار بەشداری خولی شیاندن بکات، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار ڕێکدەخرێت.

**چوارەم**: ژمارەی سەرپەرشتیاران بۆ هەر پڕۆژەیەکی کشتوکاڵی بەپێی قەبارە و جۆر و گرنگی و بوارەکانی پڕۆژەکە دیاری دەکرێت، و بە ڕێنماییەک ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەریدەکات.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم**: کرێی سەرپەرشتیار لە ئەستۆی خاوەن پڕۆژەی کشتوکاڵی دەبێت و لە گرێبەستی نێوانیان دیاریدەکرێت، دوای پەسەندکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار.

**دووەم**: کرێی سەرپەرشتیار و ڕێکسازییەکانی گرێبەست بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەریدەکات.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم**: مۆڵەتی پڕۆژەی کشتوکاڵی بەبێ بوونی سەرپەرشتیار، نادرێت.

**دووەم**: ئەو پڕۆژە کشتوکاڵیانەی بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە مۆڵەتیان پێدراوە، پێویستە لە ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە (٩٠) نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، خۆیان لەگەڵ حوکمەکانیدا بگونجێنن.

**سێیەم**: وەزیر سەرپێچیکاری بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە بە پێبژاردنێک بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار سزا دەدات، و لە حاڵەتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچیەکە مۆڵەتی پڕۆژە کشتوکاڵییەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە.

**ماددەی (٥):**

بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار چاودێری ئەرک و پابەندیەکانی سەرپەرشتیار و خاوەن پڕۆژەی کشتوکاڵی دەکات.

**ماددەی (٦):**

پڕۆژەی کشتوکاڵی و سەرپەرشتیار دەکەونە ژێرباری حوکمەکانی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقی ژمارە (٣٩)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراوی بەرکار لە هەرێم یان هەر یاسایەکی دیکە کە جێگەی دەگرێتەوە.

**ماددەی (٧):**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر نووسینگە و کۆمپانیا کشتوکاڵییەکان، کە مامەڵە و بازرگانی بە پێداویستی و کەلوپەلی کشتوکاڵی دەکەن، جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی (٨):**

پێویستە وەزیر ڕێنمایی بو ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (٩):**

پێویستە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٠):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (١١):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەمەبەستی ڕێکخستنی زیاتری کەرتی کشتوکاڵی و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خاوەن بڕوانامەی کشتوکاڵی و ڤیتێرنەری و شیاندنی کارمەندانی بواری کشتوکاڵی لە ڕووی توانایی و هونەرییەوە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

یاساکە بەدەرچوو دەژمێردرێ بەتێپەربوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی بەپێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و بڕگەی (دەیەم) لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە :١٨٢٠ لە ٢٠٢٢/٣/١٣**

پاڵپشت بەودەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی بڕگەی(١١)لە ماددەی(٢)لەیاسای ژمارە(٦)ی ساڵی٢٠١٠ یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و خاڵی(٦) ی ماددەی(٢)ی لە یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و یاسای ژمارە (٦٨)ی ساڵی ١٩٣٦ هەموار کراو (الامراض الحیوانات العفنة)بە مەبەستی ڕێکخستنی هاوردەکردن ومامەڵەو سەودا کردنی دەرمان و ڤاکسین وپێداویسیتیە ڤێتێرنەرییەکان ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد .

**ڕێنمایی ژمارە(١) ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە ڕێکخستنی هاوردەکردن و مامەڵەکردن بە دەرمان و ڤاکسین و پێداویستی ڤێتێرنەری**

**مادده (١):** زاراوەکان

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریانە بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری .

**پێنجەم: بەڕێوەبەری گشتی:** بەڕێوەبەری گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری .

**شەشەم: بەرێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری:** بەرێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری لە پارێزگاکان وئیدارە سەربەخۆکان

**حەفتەم: سەندیکا:** سەندیکای پزیشکانی ڤێتێرنەری کوردستان_ عێراق .

**هەشتەم: پرۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێن:** بریتیە لە دۆسیەو کۆمەلێك دۆکۆمێنت و زانیاری تایبەت بە کۆمپانیا (ناونیشانی کۆمپانیا,بەرواری دامەزراندن , ژمارەی فەرمانبەرانی , چالاکی کۆمپانیا , بروانامەکانی , تۆماری بازرگانی , دامەزراوەی یاسایی , هێڵی بەرهەم ولقەکانی , بەشداربووان و هەردۆکۆمێنتێکی ترکە پێویست بکات. پێویستە دۆکۆمێنتەکان ڕەسەن بن و ڕاستاندن بۆ سەرجەمیان کرابێت لەلایەن لایەنی پەیوەنداری وولاتی سەرچاوە.

**نۆیەم: کۆمپانیای هاوردەکار:** ئەوکۆمپانیایە تایبەتە ڤێتێرنەرییانە دەگرێتەوە کە تۆمارکراون لە وەزارەت و رێگەپێدراون بەهاوردەکردنی مادده ڤێتێرنەرییەکان.

**دەیەم: ماددەکان :** گشت ئەو ماددەو کەرستە ڤێتێرنەرییانە دەگرێتەوە کە لە ماددەی دووەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**یازدەم: بڕوانامەی سەرچاوە(Certificate of Origin) :** بروانامەیەکی فەرمیە کە دەردەچێت لەلایەن ئەو وولاتەی کە ماددەکانی لێ هاوردە دەکرێت.پێویستە ناوی ماددەی هاوردە, برەکەی , کۆمپانیای بەرهەم هێن و ناونیشانەکەی , کۆمپانیای هاوردەکارو ناونیشانەکەی بەروونی لەسەر نوسرابێت. پێویستە بروانامەکە رەسەن بێت و ڕاستاندنی بۆکرابێت لەلایەن لایەنی پەیوەنداری وولاتی سەرچاوە.

**دوازدەم: بروانامەی شیكردنەوە Certificate of Analysis:** بروانامەیەكی باوەرپێكراوە كە جۆر و رێژەی پێكهاتەی ماددەكانی بەرهەمەكە روون بكاتەوە .دەبێت لە بروانامەكە ناو و رێژەی پێكهاتەی ماددەكە, ناوی كۆمپانیای بەرهەمهێن و رێكەوتی پشكنینەكە دیاریكرابێت. هەروەها پێویستە ناو, ناونیشان , ژمارە تەلەفۆن وئیمێل لەگەڵ مۆرو واژووی لایەنی پشكنەری لەسەر بێت.

**سێزدەم:** بڕوانامەی فرۆشتنی ئازادFree sale Certificate of : بروانامەیەكە ئامـاژە دەكـات بە بەكارهێنانی ماددەیەك لە وولاتی سەرچاوە و هەناردەكردن و بەكارهێنانی ماددەكە بۆ وولاتانی تر. بروانامەكە پێویستە ڕەسەن بێت و لەلایەن لایەنی پەیوەنداری وولاتەكەوە ڕاستاندنی بۆ كرابێت.

**چواردەم:** بروانامەی , (FDA - Food Drug Analysis)

(process ISO- International Standard Organization), (GMP - Good Manager) ,

یان هاوشێوەكانی : بروانامەیەكە دڵنیایی دەدات كەوا ئەو بەرهەمانەی لەم كۆمپانیایە بەرهەم دێن بەپێی ستانداردی بەرزو كوالیتی كۆنترۆڵی جیهانیە. پێویستە, ناو , ناونیشان, بواری ئیش كردن(Scope) , ژمارە تەلەفۆن وئیمێل, رێكەوتی دەرچوون وبەسەرچوون, لەگەڵ مۆر و واژووی لایەنی بەخشەری بروانامەكەی لەسەر بێت. پێویستە بروانامەكە ڕەسەن بێت و ڕاستاندنی بۆكرابێت لەلایەن لایەنی پەیوەنداری وولاتی سەرچاوە.

**پازدەم:** هەریەك لەم براوانامانەی كە لە سەرەوە ئاماژەی پێكراوە پێویستە بە یەكێك لەم زمانانە نوسرابێت: ئینگلیزی، عربی ، كوردی.

**ماددە (٢):** مەبەست لە ماددە ڤێتێرنەرییەكان ئەمانەی خوارەوەن :

أ- دەرمان و ئامادەكراوەكان كە بەكاردەهێنرێن لە چارەسەركردن و نەشتەرگەری و پاراستنی ئاژەڵ و پەلەوەر و باڵندەو زیندەوەرە ئاوییەكان لە نەخۆشیەكان.

ب- ڤاكسینەكان ( پێكوتەكان ) و ئامادەكراوە بایۆلۆجییەكان ،كە بەكاردەهینرێن بۆ پاراستنی ئاژەڵ و پەلەوەر و باڵندەو زیندەوەرە ئاوییەكان لە نەخۆشییەكان .

ج- زیادە ئالیكییەكان كە پەیوەندی بە ماددە ڤێتێرنەرییەكانەوە هەیە:

Pro biotic), Pre biotic, (Anti toxins, Anti coccidials, Anti biotics

د- ئامادەكراوە كیمیاویی و سروشتیەكان كە تایبەتن بە قەلاچۆكردنی زیندەوەر و مێرووە زیانبەخشەكان وەك مەگەز و مشەخۆرە زیانبەخشەكان كە تووشی ئاژەڵ وپەلەوەر و باڵندە و زیندەوەرە ئاوییەكان دەبن.

ە- كەرەستەو ئامێرەكان و ماددە تاقیگەییە ڤێتێرنەرییەكان .

و- پاككەرەوە ( المطهرات ) و پاگژكەرەوە ( المعقمات ) ڤێتێرنەرییەكان .

ز- كەرستەكانی چاككردنی دەستكرد و گواستنەوەی كورپەلە .

**مادده (٣):** مەرجە گشتیەکانی هاوردەکردنی مادده ڤێتێرنەرییەکان :

١- هەر ماددەیەکی ڤێتیرنەری کە لە ماددەی دووەمی ئەم رێنماییەدا هاتووە هاوردە دەکرێت دەبێت ئەم زانیارییانەی لەسەر بێت (ناوی بازرگانی ، پێکهاتەکانی ، شوێنی دروستکردنی، رێژەی توخمە کاریگەرەکان، پۆلینی بەپێی ئەو مادده ژەهراوییانەی کە تیایدایە ، بەکارهێنانە پزیشکییەکانی، قەدەغەکردنەکانی و کاریگەرە لاوەکییەکانی و هەموو ئەو زانیاریانەی کە تایبەتن بەبەکارهێنانیان و دۆزەکانیان و بڕەکانیان و دیارکردنی رێکەوتی دروستکردن و بەسەرچوونی بەپێی ساڵنامەی زایینی . هەروەها پێویستە ماوەی چاوەڕوانی کردن بۆ سەربڕینی ئاژەلەکە و بەکارهینانی بەروبوومی ئاژەل وەك گۆشت وشیرو هێلکە و زانیاری لەسەر مەرجەکانی پاراستن و کۆگاکردن نوسرابێت. ماددەکە دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ رێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و گەرەنتی سەلامەتی تەندروستی گشتی بکات . پێویستە ئەم زانیاریانەی سەرەوە نووسرا بن لەسەر ماددەکە و بڵاوکراوەی (لیفلێت)ی ناوەوەی وە بە یەکێك لەم زمانانە (ئینگلیزی و کوردی یان ئینگلیزی وعەرەبی) نووسرابێت .دەبێت ئەو مادده هاوردانە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمار کرابن بۆ دڵنیابوون لە کاریگەری ماددەکەو هاوتا بوونی لەگەڵ پێوەر و مەرجە هونەرییە بڕواپێکراوەکان و تاچەندیش پێویستیمان بەجۆر وبڕی ئەو ماددەیە هەیە، تەنها رێگە دەدرێت بەهاوردەکردنی دەرمانێك کە لەسەر لەیبڵەکەی تۆمارکرابێت کە ئەم ماددەیە بۆبەکارهێنانی ڤێتێرنەرییە یاخود بۆبەکارهێنانی ئاژەڵی.

٢- پێویستە سەرچاوەی ئەم (دەرمان وڤاکسینانە) لە کۆمپانیای جیهانی وخاوەنی ناوبانگی باش و ناسراوبن لە جیهان و لەو کۆمپانیایانە بێت کە خاوەنی تەنها بڕوانامەی(FDA,GMP, یان هاوشێوەکانی) لەم دوو بڕوانامەیە وە باوەڕپێکراوبێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی . پێویستە ماددەکان بەکاربێت لە لایەن ووڵاتەکە یان ووڵاتانی تر. وەسەبارەت بە پێداویستی ڤێتێرنەری سەرەرای بڕوانامەی(FDA,GMP, یان هاوشێوەکانی) بە باوەڕپێکراوی) ( ISO) کاری پێ دەکرێت.

٣-بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەرجە هونەری و پێویستەکانی تۆمارکردن ومۆڵەت پێدان و نوێ کردنەوە و رەتکردنەوە و مامەلەو سەوداکردنی مادده ڤێتێرنەرییەکانی کە لە ماددەی دووەمی ئەم رێنمایانەدا هاتووە دیاریدەکات .

٤- بڵاوکراوە زانستیە رێکلامییەکان کەبرەو بەکڕین و فرۆشتنی کەرەستە ڤێتێرنەرییەکان دەدەن دەبێت بەپێی مەرجە یاساییەکان بن کە بۆ ئەم مەبەستە روونکراونەتەوە. نابێت رێکلام و برەودان بۆ کڕین و فرۆشتنی ئەو ماددانە بکرێت کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەزامەندی هاوردەکردنی لەسەرنەداوە .

٥- لایەنی حکومی و ریکخراوەکان وەك: وەزارەتەکانی هەرێم و دەستەی توێژینەوەی زانستی ، ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی ئاژەڵ کەمۆڵەتی فەرمیان هەیە بۆیان هەیە ئەو مادده و کەرەستانە هاوردە بکەن کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە ، بۆبەکارهێنانی تایبەت بەخۆیان بەپێی ڕەزامەندی وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەسەر جۆر و بڕی ئەو ماددانەی کە داواکراون هاوردە بکرێن بۆ پڕکردنەوەی پێویستی کردارییان بەو ماددانە.

٦-هێنانی گشت دۆکۆمێنتی ڕەسەنی ئاماژەپێکراو لەگەڵ بارەکە لەوانە :

- Certificate of origin
- بروانامەی FDA,ISO,GMP یان هاوشێوەکانی ( مەرجەکان لە ماددەی یەکەم باسکراوە)
- Certificate of Analysis
- Free sale certificate
- Safety data sheet+ Technical data sheet: بۆ کیتەکان لە پێناو سەلامەتی لەکاتی بەکارهێنان لە لایەن ئەوانەی کاردەدەکەن لە تاقیگە
- Packing List

**ماددە (٤):** ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردن

١- پێویستە لەسەر کۆمپانیای هاوردەکار داواکاریی و گشت بەلگەنامە پێویستەکان پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەرییەکان بکات وە لەلایەن بەرێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەرییەکان وردبینی تەواو بۆ دۆکۆمێنت و بەلگەنامەکان بکرێت و پاشان بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرزبکرێتەوە بەمەبەستی پێدانی مۆڵەت. پێویستە لەفۆرمی بەرێوەبەرایەتی ڤێتیرنەرییەکان ئەم زانیاریانەی تێدا بێت لەوانە ناوی ماددەی بازرگانی و پێکهاتەی زانستی و هێما و ڕێکەوتی دروستکردن و بەسەرچوون و جۆری قوتوو و کێش و برەکەی و ناوی کۆمپانیای بەرهەم هێن و وولاتی بەرهەمهێنەر و مەرزی هینانە ژوورەوە .

بەڵگە نامە پێویستەکان کە پێویستە هاوپێچ کرابن بریتین لە:

- فۆرمی زانیاری بەرێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەرییەکان
- پشکنینی کۆگا لەگەڵ بەڵگەنامەی یاسایی تایبەت بە ژمارەی کۆگاکان
- بروانامەی FDA,ISO,GMP, یان هاوشێوەکانی
- Certificate of Analysis
- Free sale certificate
- Safety data sheet
- Technical data sheet
- پاکانەی سالانە

پێویستە ئەم زانیاریانە لەسەر هەر بروانامەیەك نوسرابێت ( بەتایبەتی بروانامەی شیکردنەوە): ناوی ماددە(بازرگانی) و ماددەی کاریگەر, ناوی کۆمپانیای بەرهەمهێن, ناوی لایەنی پشکنەر- دەرکەری بروانامەکە، ناونیشان , ژمارە تەلەفۆن وئیمێل لەگەڵ مۆر و واژوو و ڕێکەوت.

٢- پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەرییەکان لە نوسراوەکانیان ژمارەی بەڵگەنامەکان ئاماژە پێ بکەن و ژمارەی ریزبەندی ( تسلسل) لێ بدرێت و دۆکۆمێنتەکان مۆربکرێن و بەریزبەندی هاوپێچ بکرێن.

٣- تەنها وەزارەت/بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەرییەکان مافی داواکردن و لێوردبوونەوە و پشکنینی گشت بڕوانامە و دۆکۆمێنتەکانی هەیە . لەکاتی داواکردنی هەر بروانامەیەکی تر کە بە پێویست بزانرێت و دەبێت ڕەزامەندی وەزارەت وەربگیرێت.

٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی داواکردنی پرۆفایلی کۆمپانیا دەرەکیەکانی هەیە کە دەرمان وماددەکانیان لێوە هاوردە دەکرێن. هەروەها, بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی داواکردنی سەردان و پەیوەندی بە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ماددەکانی ڤێتێرنەری هەیە لە لایەن تیمێکی پسپۆڕەوە.

٥- بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەو ماددە ڤێتیرنەرییانەی کە لە ماددەی دووەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتوون هاوردە بکرێن تەنها بەپێی مۆڵەتی فەرمی کە لە لایەن وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەدرێت پێش کرین وبارکردنی ماددەکان .

٦- مافی پێدانی مۆڵەت بۆ کۆمپانیاکانی ڤێتێرنەری بە مەبەستی هاوردەکردنی ماددەو کەرستەکانی ڤێتێرنەری تەنها لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەبێت و بە پزیشکانی ڤێتێرنەری دەدرێت کە مۆڵەتی پیشەییان هەیە لە لایەن سەندیکا وە مۆڵەتە پیشەییەکە ساڵانە یەك جار داوا دەکرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

٧- مەرجی ماوەی پێویست بۆ پزیشکانی ڤێتێرنەری خاڵی (٦)،( بەڕێوەبەری ڕێگا پێدراوی کۆمپانیەکانی ڤیتێرنەری) بریتیە لە(٣) سێ ساڵ ئەزمونی کرداری کەمتر نەبێت (٣ ساڵ بەسەر دەرچوونی لە کۆلیژ تێپەربوبێت) .

٨- لەکاتی داواکردنی هاوردنی هەرجۆریکی نوێی لە ماددە لیژنەیەکی هونەری پسپۆری لە بەشە هونەرییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیاری پێویست دەدات دەربارەی هاوردەکردنی بە ڕێکاری تایبەت.

٩- هاوردە کردن لە بری کەسی تر قەدەغەیە ڕێگە پێدراو نیە.

**ماددە (٥): ڤاکسین**

١- نابێت هاوردەکردن و بازرگانی کردن بکرێت بە ڤاکسینی ستراتیجی ئاژەڵی و پەلەوەری تایبەت بە نەخۆشیە سنوور بەزێنەکان لە لایەن کەرتی تایبەت ، هاوردەکردنی تەنها لە لایەن وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە دەبێت ، جگە لەچەند دۆخێکی تایبەت و پێویست ، ئەویش بە بریاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بە ڕێکاری تایبەت و لە ژێر سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەرییەکان دا بێت .

٢-دەکرێت کەرتی تایبەت ڤاکسینی تایبەت بە پەلەوەر هاوردە بکات و بازرگانی پێوەبکات ، دوای وەرگرتنی رەزامەندی پێویست لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بە ڕێکاری تایبەت.

٣-بە مەبەستی بەکارهێنانی ڤاکسین لە پرۆژە ستراتیجیەکان تایبەت بە پەلەوەر (ئەژداد، دایکانەو هێلکەکەر) ، هاوردە کردن دەبێت بە رەزامەندی ئاسایی فەرمی وبەپێی پێویستی تەندروستی کرداری و ووزەی پرۆژەکەبێت ، بە مەرجێك داواکاری هاوردن لە لایەن پزیشکی ڤێتێرنەری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە لە چوار چێوەی مەرجەکانی ئەم رێنماییە پێشکەش بکرێت و نابێت ئەو ڤاکسینانە دابەشبکرێن یان بفرۆشرێنەوە.

٤- مەرجە سەرچاوەی ڤاکسین و موادی بایولۆجی و کیتی تاقیگە (ئەوروپی یا ئەمریکی) بێت و تۆمار کرابێت، لەعێراق یان هەرێم یان لەو وڵاتانەوە بێت کە پێشتر بۆ عێراق یان هەرێم هاوردەکرابێت کە بە لیستێك لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتیەوە دیاری دەکرێن.

٥-لەکاتی داواکردنی هەر جۆرێکی نوێ ی ڤاکسین یان هاوردە کردنی ڤاکسین لە هەر سەرچاوەیەکی نوێ (جگە لە لیستی ئەو ڤاکسینانەی کە ڕێگە پێدراون بەرچاوکردنی خاڵی (٤) لەم ماددەیە) ئەم رێکارانە دەگرێتە بەر :

أ- پێویستە نەخۆشیەکە دەست نیشان کرابێت و جیاکرابێتەوە بەفەرمی لە هەرێمی کوردستان یان عێراق.

ب- پێویستە ڤاکسینەکە تۆمارکرابێت لە هەرێمی کوردستان یان عێراق.

ت- پێویستە ڤاکسینەکە هەمان سیرۆتایپ بێت کە لە نەخۆشیەکە دەست نیشان کراوە یان بەرگری بەرامبەر بە نەخۆشیەکە دروست بکات.

ج- پێشکەشکردنی گشت بەڵگەنامە فەرمیەکان و ڕاپۆرت.

د- لیژنەیەکی هونەری تایبەت لە بەشە هونەرییەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی لێکۆلینەوەی زانستی باوەڕپێکراو ئەنجام دەدات بڕیاری لەسەر دەدات و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر.

**ماددە (٦):** سنوردارکرن و قەدەغەکردن:

١- وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی روونکردنەوە وبریاری پێویست دەردەکات لەسەر پێکهاتە کیمیاوییە زەرەرمەندەکان و توخمە ژەهراوییەکان و ماددە نەخوازراوەکان لە ماددە و کەرستە ڤێتێرنەرییەکان کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە.

٢-قەدەغەکردنی هەر ماددەو کەرستەیەك کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە کە پێویست بە قەدەغەکردن دەکات بە نوسراوی بەرێوەبەری گشتی دەبێت و دوای ڕاستاندنی لەلایەن وەزیر.

٣- قەدەغەکردنەکە بەرهەمهێنان و مامەڵەکردن بە ماددەو کەرستەکانی کە لە ماددەی دووەم دا هاتوون دەگرێتەوە .

٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە جۆر و بڕی دەرمانەکان ووردەبێتەوە بەتایبەت ئەو مادانەی کە بەکارهێنانیان سنورداره یاخود لەوانەیە بۆمەبەستی تر جگە لە بواری ڤێتێرنەری بەکاربهێنرێن, تەنها جۆر و بڕی پێویست ڕێگای پێدەدرێت .

٥- مەرج نیە هەر مادەیەك لەلایەن حکومەتی فیدراڵ تۆمارکرابێت یاخود ڕێگەی پێدرابێت بەهەمان شێوە لەلایەن وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگەی پێبدرێت بە تایبەتی دەرمانی گیایی و ڤاکسین.

٦- مەرج نیە هەر ماددەیەک کە پێشتر ڕێگەی پێدراوەبە بەردەوامی ڕێگەی پێ بدرێت، لە کاتی هەبوونی هەر تێبینەیەکی خراپ یاخود نەبوونی کاریگەری بۆ کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشیەکە یان دەرکەوتنی کاریگەری لاوەکی خراپ لە بەکارهێنانی ئەوا بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی قەدەغەکردنی هەیە دوای ڕەزامەندی وەزیر.

٧- دەرمانی ڕووەکی رێگە دەدرێت بە هاوردنی دەرمانی ڕوەکی کە تۆمار کرابێت لە عێراق یان هەرێمی کوردستان یاخود سەرچاوەکەی ئەوروپی یان ئەمریکی بێت. هەروەها, رێگە دەدرێت بەو دەرمانانەی کەپێکهاتەکانیان ماددەی ناسراون وەك :Mint,Garlic,Camphor,Eucalyptus لە هەر ووڵاتێك کە لایەنی زانستی پشت ڕاستی سودەکانی کرابێتەوە بەپێچەوانەوە رێگە نادرێت بە هاوردنی دەرمانی روەکی تر کە ئەم مەرجانەی سەرەوەی تێدا نەبێت.

٨-دەرمانە سنوردارکراوەکان : سەبارەت بەو دەرمانانەی کە لەم خاڵە ئاماژەیان پێکراوە , پێویستە لەسەر بەرێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەرییەکان بڕی پێویستی ساڵانەی خۆیان دیاری بکەن وەك کەرتی حکومی و بە هەماهەنگی سەندیکا پێداویستی کەرتی تایبەت وە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرزی بکەنەوە لەسەرەتای هەموو ساڵێك. دەرمانەکان بریتین لە :

أ. دژە مشەخۆرە دەرەکیەکان وەک :Deltamethrine ، ... هتد

ب. هۆرمۆنات وەک : Oxytocine ,Estrogen, Progesterone,GnRH, Prostaglandin ,Prolactin ،... هتد

ت. ستیرۆیدەکان وەک :Dexamethazone, Betamethazone

پ. هۆشبەرەکان وەک: Ketamine ,Lidocaine, Zylazine, Zylocain , Acepromazine ,... هتد..

٩- دەرمانە قەدەغەکراوەکان : ڕێگە نادرێت بە هاوردەکردنی دەرمانە قەدەغەکراوەکانی وەك:

أ. نایترۆفیوران :وەك فیورازۆلیدون , فیوراڵتیدون

ب. کلورامفینیکوڵ

ت. دەرمانە قڕکەرەکان ودژە مشەخۆرەکان: وەك سایبرمیپرین ,دیازینون یان هەرجۆرێك کە قەدەغەکراوە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی فیدڕاڵ.

پ. دژەڤایرۆسەکان ( کە لەمرۆڤ بەکاردێن وەك: امانتدین , رمانتادین, اوسیلتامیفیر ) یاخود هەردەرمانێك کەناوی لێنرابێت دژەڤایرۆس.

ج. فۆرمالین , فۆرمالدیهاید.

ح. هۆرمۆن و رێکخەر و هاندەرەکانی گەشە.

خ. ژەهری لەناوبردنی سەگی بەڕەڵا .

د. یان هەرماددەیەك کە بەرێوەبەرایەتی گشتی قەدەغەی بکات.

**مادده (٧):** مەرجەکانی دامەزراندنی کۆمپانیای مامەڵەکردن بە مادده ڤێتیرنەرییەکان

١- پێویستە لەسەر کۆمپانیاکان پاش وەرگرتنی رەزامەندی لایەنەپەیوەندارەکان داواکاری پێشکەش بە وەزارەت/ بەرێوەبەرایەتی گشتی بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی مۆلەتی کارکردن .

٢-بەرێوەبەرایەتی ڤێتیرنەرییەکان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ریکارە پێویستەکان( پشکنین و توانای چالاکی) بۆ کۆمپانیاکە و بەرزکردنەوەی مامەلەکەیان بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی بەمەبەستی وەرگرتنی مۆلەت لەلایەن وەزارەت

٣-پێویستە بەرێوەبەری رێگە پێدراوی کۆمپانیا پزیشکی ڤێتیرنەری بێت ( کەفەرمانبەری حکومی نەبێت) ، تەنها مافی بەڕێوەبردنی یەک کۆمپانیای هەبێت وە لە لایەن سەندیکاوە پشتگیری کرابێت.

٤- پێویستە لەسەر کۆمپانیاکان ئوفیسی تایبەتی خۆیان هەبێت

٥- نابێت لە ئوفیسی کۆمپانیا هیچ کارێکی کلینیکی ئەنجام بدرێت.

٦-پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراوی کۆمپانیاکانی ڤێتێرنەری بە دیاریکردن و پێدانی زانیاری لەسەر گشت کۆگاکانیان (شوێن و ژمارەو گرێبەستی کۆگاکان) بە بەرێوەبەرایەتی ڤێتیرنەرییەکان و بەرێوەبەرایەتی گشتی وە ئاگادارکردنەوەیان لە شوێن و ژمارەی کۆگاکان لەکاتی ئەنجامدانی هەر گۆرانکاریەك.

**مادده (٨):**

١- بەرێوەبەرایەتی گشتی/ بەڕێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەرییەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ سەندیکا هەڵدەستێت بە رێکخستنی سەردان و پشکنینی مەیدانی بە شێوەیەکی کتوپر لە لایەن لیژنەکانییەوە بۆ سەر کۆمپانیا و کارگە و کۆگا و نووسینگە و تاقیگەکان و نۆرینگەکان و نەخۆشخانەکانی ڤێتێرنەری کەرتی تایبەت ، وە بەرێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەریەکان هەڵدەستن بە وەرگرتنی نموونە لەو مادده و کەرەستە ڤێتێرنەرییانەی کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە کەبەرهەمهێنراون یان هاوردە کراون یان سەوداو مامەلەیان پێدەکرێت لە هەرێم بەمەبەستی پشکنینی تاقیگەیی لە تاقیگە ناوخۆییەکان یان تاقیگە بڕواپێکراوە پێشکەوتووەکان لە سەرئەرکی خاوەنەکەی ، بۆدڵنیا بوون لە کوالیتی پێکهاتەکانیان وجۆرەکانیان.

٢- لەسەر مۆلەتپێدراوە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەرییەکان و سەندیکا بکاتەوە بە وێنەیەکی راستێندراو لە تۆماری بازرگانی ، لە کاتی تۆمارکردن یان لەکاتی هەر هەموارکردنێك یان هەر گۆڕانێك کە روودەدات ، بە ناوی خاوەن شوین یان کۆمپانیای مۆلەتپێدراو یان گۆڕان لە ناونیشان یان ناونیشانی بازرگانی لە ماوەی یەك مانگ لە رێکەوتی بەدەستهێنانی تۆمارکردنەکە یان گۆڕینەکە یان هەموارکردنەکە .

٣- پێویستە لەسەر مۆلەت پێدراو (بۆ مامەڵە و سەودا و فرۆشتن و دابەشکردنی ئەو مادده و کەرستانەی کە لە ماددەی دووەم دا هاتووە) بە دانانی تومارێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە. لەسەر خاوەن مۆلەت پێویستە تۆمارێکی تایبەتی هەبێت بۆ تۆمارکردنی داهاوێشتەو دەرهاوێشتە و فرۆشراوەکان لە ماددەو کەرەستە ڤێتێرنەرییەکانی کە مامەڵەی پێدەکرێت و لە ماددەی دووەم دا هاتووە .ئەم تۆمارەش هەموو کاتێك دەکەویتە بەر ئەگەری پشکنین و لێوردبوونەوە لەلایەن لیژنەی تایبەت بە بەرێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیە ڤێتیرنەرییەکان و سەندیکا ، پاش هەر پشکنینێك مۆر دەکرێن لە لایەن لیژنەی پشکنین.

٤- پێویستە لەسەر خاوەن ( کۆمپانیا و کارگە و کۆگاکانی دەرمان و نووسینگە و تاقیگە و نۆرینگەکان، نەخۆشخانە تایبەتیەکانی ڤێتێرنەری) مۆلەتپێدراو، کۆگاکردنی ئەو مادده و کەرستە ڤێتێرنەریانە بەپێی رێنمایی ڤێتێرنەری و تەندروستی و ژینگەیی بێت کە لە بەرێوەبەریەتی گشتی و سەندیکا دەردەچێت .

**مادده (٩):** تۆمارکردن

١- پێویستە ئەو ماددانە لە هەرێمی کوردستان تۆمارکرابێت و ئەم مەرجەش دەچەسپێت لە نزیکترین کات لەکاتی رەخسانی ئیمکانیەتی تۆمارکردن لە هەرێمی کوردستان .

٢- هەموو ئەو ماددانەی کە لە ماددەی دووەم هاتوون لە کاتی هاوردەکردن پابەند دەبن بۆ تۆمارکردن وپشکنین و لێوردبونەوەو شیکردنەوەی تاقیگەیی لەلایەن حکومەت بە میکانیزمی زانستی تایبەت بۆ دڵنیا بوون لە گونجاو بوون و سەلامەتی و، وە داواکار بەم زانیارییانە ئاگاداردەکریتەوە.

**مادده (١٠):** سزاکان

**یەکەم:** هاوردەکردنی هەر ماددەیەك بەبێ مۆڵەت و دەست بەسەرداگرتنی لە خاڵە سنوریەکان و فرۆکەخانەکان پێش داخل کردنی بۆ ناوخۆی هەرێم لە کاتێکدا کە ماددەکە رێگە پێدراوبێت وە بەپێی رێنماییەکان بێت ئەم رێکارانە دەگیرێتە بەر بەرامبەر بە هاوردەکار :

أ. پێویستە بەپێی یاساو رێنماییەکان مامەلە پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لەبەرێوەبەرایەتی گشتی.

ب. ڕاگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردن بۆ ماوەی (٦) مانگ.
ت. لەکاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی مۆلەتی هاوردەکردنی لێ رادەگیرێت بۆماوەی یەك ساڵ.
پ. لەکاتی بەردەوام بوون لەسەر ئەم سەرپێچیە راگرتنی مۆلەتی هاوردەکردن بەیەکجاری وە دەدرێتە دادگا.

**دووەم:** هاوردنی هەر ماددەیەك (هاوردەکار) بەبێ مۆلەت و دەست بەسەرداگرتنی ماددەکان لە ناوخۆی هەرێم :
أ. دەست بەسەرداگرتنی ماددەکان.
ب. ڕاگرتنی مۆڵەتی هاوردەکرن بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ.
ت. لەکاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی , مۆڵەت هاوردە کردن و مامەڵە کردنی لێ رادەگیرێت ودەدرێتە دادگا.

**سێیەم:** پێیشکەش کردنی بروانامەو دۆکۆمێنتی ساختە لەکاتی داواکردنی هاوردن , ساختەکردنی بروانامە و نوسراو, هاوردەکردن لە کۆمپانیایەکی باوەرپێنەکراو ، و وەهمی:
أ. دەست بەسەرداگرتنی ماددەکە (ئەگەر هاوردەکرابوو).
ب. ئاراستەکردنی ئەم حالەتە بۆ دادگاکانی هەرێم وبەپێی یاساو رێسا پەیرەوکراوەکان لە دادگاکانی هەرێم لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.
ت. مۆلەتی هاوردەکردنی لێ رادەگیرێت تاکو بریاری دادگا دەردەچێت وە لەناوبردنی ماددەکان بە بڕیاری دادگا دەبێت.

**چوارەم:** تەزویرکردنی دەرمان, دەستکاریکردنی ستیکەرو لەیبڵ و لیفلێت رێکەوتی دروست کردن وبەسەرچوون:
أ. دەست بەسەرداگرتنی ماددەکان وە لەناوبردنی ماددەکان بە بریاری دادگا دەبێت.
ب. ئاراستەکردنی ئەم حاڵەتە بۆ دادگاکانی هەرێم وبەپێی یاساو رێسا پەیرەوکراوەکان لە دادگاکانی هەرێم لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.
ت. ڕاگرتنی کاروباری کۆمپانیا بە هەموو شێوەیەك تاکو بریاری دادگا دەردەچێت.

**پێنجەم:** هاوردن و مامەڵەو و بازرگانی کردن بە ماددە قەدەغەکراوەکان.
أ. دەست بەسەرداگرتنی و لەناوبردنی گشت ماددەکان.
ب. ئاراستەکردنی ئەم حالەتە بۆ دادگاکانی هەرێم وبەپێی یاساو رێسا پەیرەوکراوەکان لە دادگاکانی هەرێم لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.
ت. مۆلەتی هاوردەکردنی لێ رادەگیرێت بەیەکجاری.

**شەشەم:** هەبوونی کۆگای شاراوە و بەبێ ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیە ڤێتێرنەرییەکان:

أ. داخستنی کۆگاکە بەیەکجاری.

ب. ڕاگرتنی مۆڵەتی هاوردەکرن وە بەپێی جۆری سەرپێچیەکەی سزاکەی بۆ دیاری دەکرێت وەک لەم ڕێنمایەدا هاتووە.

**حەفتەم:** لە ئەگەری هەبـوونی هەر سـەرپێچیەکی تـری بەدەر لە خاڵەکـانی مـاددەی دەیەم , ڕێکـاری یاسایی پێویست دەگرێتەبەر.

**هەشتەم:** لەکاتی ئەنجامدانی هەر سەرپێچیەك لە خاڵەکانی ماددەی دەیەم , بەمەبەسـتی هەمـاهەنگی نوسراو ئاراستەی سەندیکای پزیشکانی ڤێتێرنەری بکرێت بۆ وەرگرتنی ڕێکارەکانی تایبەت بە یاساییەکانی تایبەت بە سەندیکا پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر.

**مادده (١١):**

کار ناکرێت بە هیچ دەقێکی یاسایی کە لە هەر ڕێنمایەکدا هاتبێت گەر هاودژ بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنمایە.

**مادده (١٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە و کاری پێدەکرێت دوای تێپەڕبوونـــی (١٢٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی.

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

بەمەبەستی ڕێکخستنی کەرتی دەرمان وڤاکسینی ڤێتێرنەری و پاراستنی سامانی ئاژەڵ و هاوبەشی تەندروستی گشتی و ڕێگا گرتن لە بڵاو بـوونەوەی نەخۆشـیەکانی ئـاژەڵی و دابـین کردنـی دەرمـان و ڤاکسین و پێداویستیەکانی ڤێتێرنەری بۆ هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٢٩٤٩ لە ٢٠٢٢/٣/٣**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**نازناوی زانستی بۆ( پزیشکان وپزیشکانی ددان و دەرمانسازان)**

**ماددەی (١): نازناوی پسپۆر**

١-هەڵگری بڕوانامەی بۆرد و دکتۆرا نازناوی پسپۆریان پێ دەبەخشرێت دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەی و پاش دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی یان فەرمانی وەزاری کە لایەنی پەیوەندیدار پێدەبەخشێت.

٢-هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و هاوتاکانی (دبلۆمی باڵای دوو ساڵە ) نازناوی پسپۆری پێدەبەخشرێت (٢) دوو ساڵ دوای فەرمانی وەرگرتنی بڕوانامەکەی .

٣-هەڵگرانی بڕوانامەی (دبلۆمی باڵای یەک ساڵە ) نازناوی پسپۆری پێدەبەخشرێت (٣) سێ ساڵ دوای فەرمانی وەرگرتنی بڕوانامەکەی.

**ماددەی (٢): نازناوی پسپۆری دێرین یان پسپۆری دێرینی وورد (دوای وەرگرتنی نازناوی پسپۆری )**

١-هەڵگرانی بڕوانامەی بۆردو دکتۆرا نازناوی پسپۆری دێرینی پێدەبەخشرێت (٤) چوار ساڵ دوای وەرگرتنی نازناوی پسپۆر وە پێویستە بە پێشکەشکردنی (٢) دوو توێژینەوەی زانستی لە بواری پسپۆریەکەی (یەکێکیان بڵاوکرابێتەوە وە یەکێکیان ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت لە گۆڤارە زانستیەکان) .

٢-هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر نازناوی پسپۆری دێرینی پێدەبەخشرێت (٥) پێنج ساڵ دوای وەرگرتنی نازناوی پسپۆرو پێشکەشکردنی (٢) دوو توێژینەوەی زانستی لە بواری پسپۆریەکەی (یەکێکیان بڵاوکرابێتەوە وە یەکێکیان ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت لە گۆڤارە زانستیەکان).

٣-هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵە نازناوی پسپۆری دێرینی پێدەبەخشرێت (٥) پێنج ساڵ دوای وەرگرتنی نازناوی پسپۆرو پێشکەشکردنی (٢) دوو توێژینەوەی زانستی لە بواری پسپۆریەکەی (یەکێکیان بڵاوکرابێتەوە وە یەکێکیان ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت لە گۆڤارە زانستیەکان) .

**ماددەی (٣): نازناوی ڕاوێژکار یان ڕاوێژکاری وورد دوای وەرگرتنی نازناوی (پسپۆری دێرین )**

١-هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و بۆرد وە بەرزترین بڕوانامە لە پسپۆری خۆی نازناوی ڕاوێژکاری پێی دەبەخشرێت (٦) شەش ساڵ دوای وەرگرتنی نازناوی پسپۆری دێرین و پێشکەشکردنی (٣) سێ توێژینەوەی زانستی لە بواری پسپۆریەکەی خۆی (یەکێکیان بڵاوکرابێتەوە وە دووانیان ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی هەبێت لە گۆڤارە زانستیەکان)..

٢-ئەگەر پزیشکێک دواکەوت لە وەرگرتنی ڕێزبەندیەکە و پێشکەشی پسپۆری دێرینی نەکردبوو ئەوا لەم حاڵەتە پێویستە شەش (٦) لێکۆڵینەوەی هەبێت و دوادەخرێت بۆ ماوەی ساڵێک .

**ماددەی (٤): نازناوی زانستی دەدرێتە ئەم پزیشکانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەگەڕێنەوە :**

بەو مەرجانەی خوارەوە :

١-بروانامەکەی یەکسانکردنی بۆ کرابێت لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی .

٢-هەژمارکردنی خزمەتی فعلی بۆ پزیشکی پسپۆڕ لە دەرەوەی وولات بە مەبەستی بەدەستهێنانی نازناوی پزیشکی پسپۆڕ و خزمەتی پەسەندکرابێت لە لایەن کونسوڵخانەی عێراق یان (نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم) لەو وولاتانەی تیایدا نیشتەجێی بووە و هەروەها لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراق پەسەندکرابێت .

٣-بوونی خزمەتی فعلی لە ساڵێک کەمتر نەبێت لە هەمان بەشی پسپۆری لە نەخۆشخانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان .

٤-هەڵسەنگاندنی پزیشکی دیاریکراو لە لایەن ئەو بەشەی کە کاری تێدا دەکات لە لایەن لیژنەی زانستی لە نەخۆشخانە.

٥-پاش پەسەندکردنی لیژنەی زانستی لە نەخۆشخانە داواکاریەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی نازناوی زانستی بەپێی ڕێنماییەکانی پێدانی نازناوی زانستی .

**ماددەی (٥): ئەو پزیشکانەی کە لە دەزگاکانی ناحکومی کاردەکەن هەمان مەرج و ڕێنمایان لەسەر جێبەجێ دەکرێت:**

**ماددەی (٦): ئەوپزیشکانەی کەخانەنیشین کراون هەمان مەرج وڕینمایان لەسەرجێبەجێ دەکرێت.**

**ماددەی (٧): مەرجە گشتیەکان:**

١-هەر کەسێک داواکاری پێشکەش دەکات بۆ پێدانی نازناوی زانستی پێویستە فۆرمی هاوپێچ پربکاتەوە و گشت بەراییەکان ( پوختەی راژە ، بروانامە ، لێکوڵینەوە ...)ی لەگەڵ دابێت .

٢-سزانەدرابێت لە( ٥ ) پێنج ساڵی کۆتایی بەهۆیی کەمتەرخەمی لە ئیش و کاری زانستی .

٣-سەبارەت بە پزیشکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دەبێت تنسیب کرابێت لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی وە کاریان کردبێت لەهەمان پسپۆری خۆیان وە ئەم مەرجە جێبەجێ دەکرێت لەسەر پزیشکانی وەزارەتی تەندروستی کە تەنسیب کراون بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .

٤-بەشداری خوولی رەوشتی پزیشکی و لێهاتووی پەیوەندی پزیشکی (الاخلاقيات الطبية والحوار الطبي) کردبێت لە بەرێوەبەرایەتە گشتیەکانی تەندروستی.

٥-بەشداری کردبێت لە چالاکیەکانی پەرەپێدانی پزیشکی بەردەوام بەلایەنی کەم (٥) پێنج چالاکی بۆ بەدەست هێنانی هەر نازناوێکی زانستی.

٦-بڵاوکردنەوەی ڵیکۆلینەوەکان دەبێت لە گۆڤاری باوڕ پیکراو بێت .
٧-دەتوانێـت یەکێـک لەو لیکـۆلینەوەی کە پێشکەشـی دەکـات بـۆ وەرگرتنـی نازنـاوی زانسـتی , رۆپیویکردنی بڵاوکراوە بێت کە بە هەمـاهەنگی کـراوە لەگەڵ ریکخـراوە نێودەوڵەتیەکـان وە بە مەرجێک خۆی یەکێک بێت لە ئەندامانی لیژنەی باڵای روپێـویەکە یـان ئەنـدامی لیـژنەی هـونەری بوو بێت.
٨-ئەوانە پێشکەشی نازناوی زانستی دەکەن مەرجە لێکۆڵینەوەکانی لە (٣ )سێ رێزبەنـدی تـوێژەرە یەکەمەکان دابێت.
٩- ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت دوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان) .

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

---

**وەزارەتی دارایی وئابووری**
**ژمارە: ٢٥١١ لە ٢٠٢٢/٣/٩**

پاڵپشـت بە نووسـراوی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (١٦٣٤) لە ٢٠٢٢/١/٣١ سـەبارەت بەچـۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داواکاری درێژکـردنەوەی مـۆڵەتی بـێ مـووچەی ئەو فەرمـانبەرانەی لە دەرەوەی وولات نیشتەجێن و ناتوانن بگەرێنەوە هەرێمی کوردستان ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**درێژکردنەوەی مۆڵەتی فەرمانبەرانی دەرەوەی وولات**

١-پێویستە داواکاری درێژکردنەوەی مۆڵەتی بێ مووچەیان ئاراستەی نوێنەرایەتییەکـانی حکـومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وولات بکرێت و دواتر لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئاراسـتەی وەزارەت و لایەنـی نەبەسـتراو بە وەزارەت بکرێـت تـاکو لەلایەن ( وەزیـر و سـەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت) یەکلایی بکرێتەوە و بڕیاری لەسەر بدرێت .
٢- ئەم رێنمـاییە لە رێکەوتـی ٢٠٢٢/١/٣١ جێبەجـێ دەکرێـت و لەرۆژنـامەی وەقـایعی کوردسـتان بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**
**ژمارە: ٢٥١٢ لە ٢٠٢٢/٣/٩**

بەپێی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای رەسمی پوولی ئیتحادی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان – عێراق و کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بەرێنماییە داراییەکان ژمارە (٥١) لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٢/١ بریارماندا بە دەرکرد ئەم رێنماییەی خوارەوە:

**رێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**تایبەت بە پوولی دارایی**

١-لەکاتی نەبوونی پوول بەهەر هۆکارێک وەزارەتمان دەتوانێ بەپێی پسوولەی (٣٧أ) رەسمی پول وەربگرێت و پارەکەی دەبێت بەداهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم .
٢- هەموو گرێبەستە حکومیەکان بەرێژەی (٠٠,٢%) رەسمی پوولی دارایی لێ وەردەگیرێت .
٣- کار بەسەرجەم مادده و برگەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ دەکرێت کە یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای رەسمی پوولی ئیتیحادی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان – عێراق
٤- یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٣ تایبەت بەرەسمی پوولی دارایی هەڵدەوەشێتەوە کاری پێناکرێت .
٥- بەپشت بەستن بەژمێرەی کۆتایی پەسندکراو لەلایەنی پەیوەندیدار رەسمی پوولی دیارنکراو لە ماددەی (٥)ی یاسای پوولی دارایی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠١٢ هەموارکراو وەردەگیرێت .
٦- لە دوا کەوتنی دانی رەسمی پوول لەکاتی دیارنکراو بەرێژەی (١٠%) وەک سزای دواکەوتن دەسەپێنرێت لەسەر رەسمی پوول .
٧- ئەم رێنماییە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ کە لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاوبۆتەوە کاری پێ دەکرێت .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە : ٤٣٣ لە ٢٠٢٢/٣/١٠**

پشت بەست بە ماددەی حەڤدەم لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ و برگەی یەکەم لە ماددەی پێنجەم و ماددەی دەیەم لە یاسای دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠، نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٧٩٨) لە ٢٠٢٢/٢/٢ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنمایی تایبەت بە (چاودێری ژینگەیی بۆ پرۆژەکان)**

**ماددەی (١):** پێناسەکان:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

١- **هەرێم**: هەرێمی کوردستان-عێراق

٢- **دەستە**: دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە .

٣- **سەرۆک**: سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە .

٤- **لیژنەی چاودێری**: لیژنەی چاودێری و بەدواداچوون لە فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم .

٥- **چاودێری ژینگەیی**: کەسێک کە پسپۆری و دەرچووی بەشی ژینگە بێت و چاودێری جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان بکات .

٦- **پیسبوونی ژینگە**: بریتییە لەهەر گۆڕانکارییەک کە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کار بکاتە سەر پێکهاتە سەرەکییەکانی ژینگە (ئاو، هەوا، خاک و زیندەوەران ) .

٧- **چالاکی**: هەر جۆرە چالاکییەکی پیشەسازی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری یان کشتوکاڵی یان هەر چالاکییەکی دیکە کە کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر ژینگە .

**ماددەی (٢): ئامانجەکان:**

ئامانج لەم ڕێنماییە ئەمانەی خوارەوەیە:-

١- پارێزگاری کردن لە ژینگەی هەرێم و پاراستنی لە هەر جۆرە پیسبوونێک لە ئەنجامی چالاکی پرۆژەکان .

٢- پاراستنی سروشت و تەندروستی گشتی لە مەترسی چالاکییەکان و پرۆژەکان و پارێزگاری کردن لە دەرامەتی سروشتی و گەشەپێدان و دەست پێوەگرتنی .

٣- پەیڕەوکردنی سیاسەتی ژینگەیی لە پلانی بەرەوپێشچوون و گەشەپێدان لە هەموو چالاکییە مرۆییەکانی وەک پیشەسازی و خزمەتگوزاری و تەندروستی و کشتوکاڵی و چالاکی دیکە .

٤- زیاتر ئاشنابوونی خاوەن پڕۆژە و چالاکییەکان بە مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان .
٥- دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی بەشی ژینگە .

**ماددەی (٣):**

لەکاتی پێدانی رەزامەندی ژینگەیی بە خاوەن چالاکی و پرۆژەکان، ئەوا خاوەن پرۆژە پابەند دەکرێت بە دانانی چاودێری ژینگەیی لە پڕۆژەکە .

**ماددەی (٤):** مەرجەکانی دانانی چاودێر لەپڕۆژەکان:

١- دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت .
٢- هەڵگری یەکێک لە بڕوانامەی (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) بێت، تایبەت بە پسپۆری و بەشەکانی ژینگە .
٣- لەکاتی نەبوونی ئەو بڕوانامانەی لەخاڵی (٢) دووی سەرەوە هاتووە، ئەوا فەرمانگەی ژینگەی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بەگوێرەی جۆری پرۆژەکە بڕیار دەدەن لەدانانی دەرچووی ئەو بەشانەی کە لەکۆلێژەکان تێرم و وانەی تایبەت بەژینگەیان تێدا دەخوێندرێت .
٤- چاودێری ژینگەیی نابێت لە کەرتی گشتی (میری) و کەرتی تایبەت دامەزرابێت، چ بە شێوەی هەمیشەیی چ بەشێوەی گرێبەست .
٥- پێویستە چاودێر لەکاتی وازهێنان لەکارەکەی بە یاداشتێک فەرمانگەی ژینگەی سنورەکەی لێ ئاگاداربکاتەوەو هۆکاری وازهێنانی روون بکاتەوە .
٦- دەبێت چاودێر دانیشتووی ئەو سنورە جوگرافییە بێت کە پرۆژەکەی تێدایە، تەنها لە ئەگەری نەبوونی کەسی پسپۆڕی تایبەت بە پڕۆژەکە لە ناوچەکەدا، دەتوانرێت سوود لە کەسانی پسپۆڕی ناوچەکانی دیکەی هەرێم وەربگیرێت لە پڕۆژەکان بە ڕەزامەندی هەردوو فەرمانگەی پەیوەندیدار، واتە "ئەو سنورەی پڕۆژەکەی لێیەو ئەو سنورەشی کە کەسی پسپۆری لێوە دێت".
٧- پێویستە دەوامی چاودێر لەکاتی بەیانیان بێت بە لەبەرچاوگرتنی کاتژمێرەکانی کار لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم .

**ماددەی (٥):**

١- تەواوی ماف و مووچە و پێداویستی و شایستە داراییەکانی چاودێر لەسەر خاوەن پڕۆژە دەبێت، بەو مەرجەی موچەکەی لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت .
٢- کەسی چاودێر لە رووی هونەرییەوە سەر بە فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت .

**ماددەی (٦):** پێویستە چاودێر ئەم پێداویستیانەی خوارەوە پێشکەش بە فەرمانگەکانی ژینگە بکات:

١- ناسنامەی باری کەسێتی یان کارتی نیشتیمانی .
٢- کارتی زانیاری یان پشتگیری شوێنی نیشتەجێبوون .

٣- وێنەیەک لەبڕوانامە یان پشتگیرینامەی راستێندراو .

٤- سی ڤی (cv) .

**ماددەی (٧):**

دوای دڵنیـــابوونەوە لە مەرجەکـــانی بـــوون بە چـــاودێری ژینگەیـــی، پێناســـی تـــایبەت لە لایەن فەرمانگەکانی ژینگە دەدرێت بە کەسی چاودێر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

*پێناسی چاودێر*

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

فەرمانگەی ژینگەی ...............

ناوی چاودێری ژینگەیی ......................

ژمارەی پێناس...................

ناوی پرۆژە ..................

شوێنی پرۆژە ........................

رێکەوتی بەسەرچوون ...............

**ماددەی (٨):** پێناسی چاودێر ساڵانە جارێک لە ڕۆژی دەرچوونیەوە نوێ دەکرێتەوە .

**ماددەی (٩):**چاودێری ژینگەیی لە چالاکی و پرۆژەکان ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:

١- دەبێت پابەند بێـت بـۆ بەدواداچـوون لەجێبەجێکردنـی ئەو مەرج و رێنماییـانەی لە کـاتی پێـدانی ڕەزامەندی ژینگەیی بەخاوەن پرۆژە دەدرێت .

٢- دەبێت ڕاپۆرتی وورد و زانسـتی بەشـێوەی وەرزی یـان لەکـاتی پێویسـتدا ئاراسـتەی فەرمـانگەی ژینگە بکات .

**ماددەی (١٠):**

لەکاتی سەردانی کردنی لیژنەی چاودێری فەرمانگەی ژینگە، پێویستە چاودێر ئامادەبێـت بـۆ پێـدانی زانیاری تەواو لەسەر پابەندبوونی خاوەن پرۆژە بە رێنماییە ژینگەییەکان .

**ماددەی (١١):**

ئەگەر هاتوو چاودێر کەمتەر خەم بوو یان بە ئەنقەست زانیاری و ڕاپۆرتی ناڕاستی دا بە فەرمانگەی ژینگەی شارەکەی، ئەوا کۆتایی بەکارەکەی دەهێنرێت .

**ماددەی (١٢):**

هەموو پرۆژەیەک، جگە لە پرۆژەکانی پۆلێنی (ج) پێویستە چاودێری ژینگەییان هەبێت .

**ماددەی (١٣):**

ئەم رێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت .

**ئەندازیار**
**عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**

وەزارەتی داد

**بەیانی**

**ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

١- کردنەوەی یەکەی (**ڕادەستکردن و داواکردنی تۆمەتباران و تاوانباران**) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی دیوانی وەزارەتی داد تایبەت بەو تاوانبارانەی دەکەونە ژێر ئەحکامی بەشی دووەم لە یاسای ( **بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو**) .

٢- ئەم بەیانە لەڕۆژ دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**بەیانی**

**ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (١٢/ یەکەم) لە یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

١- کردنەوەی (**دادگای کارگێری لە پارێزگای دهۆک**) .

٢- ئەم بەیانە لەڕۆژ دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە:٤٦٩٨ لە ٢٠٢٢/٢/٢٢**

## بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢
## شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان

بەمەبەستی جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٩٢٢) لە ٢٠٢٢/٢/٢ تایبەت بە بەرجەستەکردنی شۆڕکردنەوەی دەسەڵات و بنەمای لامەرکەزییەت لە بەڕێوەبردندا و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) بڕگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە:

**یەکەم:** دابەزاندنی ئەم دەسەڵاتانەی کە لە خوارەوە دیارکراون سەبارەت بە فەرمانبەرانی ڕاژەی شارستانی بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە سنووری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و ئەو بەڕێوەبەری فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییانەی سنووری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانیش کە بەڕێوەبەرایەتی گشتییان لە دیوانی وەزارەت نییە و ئەم دەسەڵاتانەش کاریگەریی نابێت لەسەر ئەو دەسەڵاتە کارگێڕیانەی کە لەپێش دەرچوونی فەرمانی سەرەوە شۆڕکراونەتەوە لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان بەپێی هەردوو بەیانمان ژمارە (١٦ی سالی ٢٠١٦ و هەموارەکەی بەبەیانمان ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٢٠):

١- دەسەڵاتی سەرمووچەی ساڵانە (علاوة سنوية) بە فەرمانبەران تا پلەی وەزیفی (٣) و بەرەو خوار، بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

٢- گواستنەوە و تەنسیبکردنی فەرمانبەران لە پلە (٣) و بەرەو خوارەوە، لەسەر میلاکی دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە، و میلاکی ئەو فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییانەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتییان لە دیوانی وەزارەت و لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت.

٣- دەربڕینی لارینەبوون لەسەر گواستنەوە و تەنسیبکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بڕگەی (٢)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە بۆ وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکە لە سنووری پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ، لە دوای هاتنەدی گشت مەرج و پێداویستییەکانی هاتوو لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، بە مەرجێك هیچ جۆرە پابەندییەکی دارایی زیادە لەسەر حکومەت دروست نەکات.

٤- بڕگەکانی (٢و٣)ی سەرەوە هەردوو وەزارەتی(خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی، پەروەردە) ناگرێتەوە.

٥- جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانی هاتوو لە بڕگەکانی (٢) و (٣)ی سەرەوە، پەیوەستە بە ڕەچاوکردنی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، و بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٣٣)ی ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٦، و بڕیارەکانی تایبەت بە قۆناغی دووەمی جێبەجێکردنی پرۆگرامی بایۆمەتری.

٦- جێگیرکردنی فەرمانبەران دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموونیان.

٧- کۆتاییهێنان بە ڕاژەی فەرمانبەران لە دوای تێپەڕبوونی ماوەی ئاگادارکردنەوەیان (اخطار) بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.
٨- ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەران و دەرکردنی فەرمانی پێدانی پێشخستن (قدم) لە دەرەنجامی وەرگرتنی ئەو سوپاس و پێزانینە، بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.
٩- پێدانی گشت جۆرە مۆڵەتێکی یاسایی وەکو مۆڵەتی ئاسایی و نەخۆشی و مۆڵەتی دایکایەتی و مۆڵەتی بێ مووچە بۆ گشت پلە گشتییەکانی وەزیفە بەپێی مەرج و پێداویستییەکانی هاتوو لە یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان، و بڕینی ئەو مۆڵەتە و دەرکردنی فەرمانی دەست لەکارترازاندن و دەست بەکاربوونەوەی فەرمانبەران.
١٠- پێدانی مۆڵەتی خوێندن بۆ ناوەوەی وڵات، بەپێی مەرجەکانی هاتوو لە پەیڕەو و ڕێنمایی مۆڵەتی خوێندن.
١١- ئیفادکردنی فەرمانبەران بۆ ئیش و کاری فەرمی لە ناو هەرێم و عێراق کە لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت.
١٢- خانەنشینکردنی فەرمانبەر لە پلە (٣) و بەرەو خوارەوە بە هۆی تەواوبوونی تەمەنی یاسایی یان لە حاڵەتەکانی دیکەی مافی خانەنشینبوونی ڕێگە پێدراو لە یاسا بەرکارەکانی خانەنشینیی، بە مەرجی هاتنەدی گشت مەرج و پێداویستییەکانی هاتوو لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.
١٣- پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١.
١٤- پێکهێنانی لیژنە پێویستەکان کە لە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکاندا هاتووە وەك لیژنەی کڕین یان بەکرێگرتن و کردنەوەی تەندەر و شیکردنەوە و لیژنەکانی خەمڵاندن و فرۆشتن و بەکرێدان.

**دووەم:** سەرجەم ئەو دەسەڵاتانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە دەبێت لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان پیادە بکرێن و وێنەی ئەو فەرمانە کارگێڕییانەی بۆ پیادەکردنی ئەم دەسەڵاتانە بدەن بە دیوانی وەزارەت، و لایەنی ڕاسپێردراو بەپیادەکردنی ئەم دەسەڵاتانە بەرپرسارێتی یاسایی لە ئەستۆ دەگرن لەم ڕووەوە. بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتییەکانی وردبینی و چاودێری دارایی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و دامەزراوەکانی دەستپاکی و دیوانی چاودێریی دارایی بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بەپێی تایبەتمەندییان.

**سێیەم:** لەکاتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتەکانی هاتوو لەسەرەوە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی کە پێشتر دراون بەپێی هەردوو بەیانمان ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٦ و (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ کار بەو دەسەڵاتە دەکرێت کە زیاتر شۆڕکراونەتەوە.

**چوارەم:** کار بەهیچ ڕێنمایی و بەیان و فەرمان ونووسراویك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم بەیانە.

**پێنجەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٤٦٩٨ لە ٢٠٢٢/٢/٢٢**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**گواستنەوەی گوندی (نزیرکی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمواركراو ، و رێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکرا و ، و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٣٨٨) لە ٢٠٢٢/١/١٨ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** گواستنەوەی گوندی (**نزیرکی**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لەسنوری ناحیەی ئەتروش/ قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک بە رووبەری (١١ دۆنم و ٦ ئۆلک و ٦٧م٢) یازدە دۆنم و شەش ئۆلک و شەست و حەوت مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥٠ لە کەرتی ٨٩/نیرکی) بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم** : ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (**هۆبەی جوانکاری و رێککاری سینگ** ) لە نەخۆشخانەی رزگاری فێرکاری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە رێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢١.

**بەیانی ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (**هۆبەی نەخۆشییەکانی هەناسە** ) لە نەخۆشخانەی رزگاری فێرکاری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە رێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٣.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (حەوتەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی**

**ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە قەزای (**باتیفا**) لەبەر بەرژەوەندی گشتی و زۆربوونی کار و خزمەتکردنی زیاتری کەمئەندامان و خێزانە هەژار و کەم دەرامەتەکان لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**بەیانی**

**ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی بەشی ڕاهێنانی پیشەیی لە (**قەڵادزێ**) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی / بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی/ سلێمانی بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی گەنجان لەو دەڤەرە .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**بەیانی**

**ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی سەنتەری ئۆتیزم لە (**کۆیە**) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی توشبووانی ئۆتیزم لەو دەڤەرە .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**بەیانی**

**ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی سەنتەری ئۆتیزم لە (**حاجیاوا**) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی توشبووانی ئۆتیزم لەو دەڤەرە .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل والفقرة (أولاً) من المادة (٧٧) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان - العراق، وبناءً على ما عرضه مجلس وزراء إقليم كوردستان، صادق برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية رقم (١٢) بتأريخ ٢٠٢١/١٢/٢١، على القانون الآتي:

## القانون رقم (٢٠) لسنة ٢٠٢١
## قانون مشرفي المشاريع الزراعية في القطاع الخاص
## في إقليم كوردستان - العراق

**المادة (١):**

يقصد بالمصطلحات والعبارات الآتية لأغراض أحكام هذا القانون المعاني المبينة إزاءها:

**أولاً: الإقليم**: إقليم كوردستان - العراق.

**ثانياً: الوزير**: وزير الزراعة والموارد المائية في الإقليم.

**ثالثاً: المديرية المعنية**: تشمل المديريات العامة للزراعة ومديريات البيطرة في المحافظات والإدارات المستقلة.

**رابعاً: النقابات والجمعيات**: تشمل نقابات المهندسين الزراعيين، والأطباء البيطريين، والزراعيين الفنيين، وجمعية الكوادر البيطرية، وأي جمعية زراعية أخرى.

**خامساً: المشروع الزراعي**: وحدة إنتاج زراعية أو معمل للصناعات الغذائية مؤسس بموجب القوانين النافذة من قبل فلاح أو مزارع أو مستثمر بهدف تنمية الإنتاج النباتي، والثروة الحيوانية والأحياء المائية، والدواجن، والنحل والحشرات النافعة، والذي يشغل موارد اقتصادية زراعية في هذه المجالات لمدة معينة.

**سادساً: المشرف**: من يحمل شهادة البكالوريوس أو الدبلوم أو خريج الإعدادية في مجال الزراعة أو البيطرة ويكون عضواً في نقابة أو جمعية ويشرف على مشروع زراعي بموجب أحكام هذا القانون.

**المادة (٢):**

**أولاً**: يكون لكل مشروع زراعي مشرف بموافقة المديرية المعنية وعدم ممانعة النقابة والجمعية شريطة ألا يكون معيناً في القطاع العام.

**ثانياً**: يشرف أصحاب الشهادات في مجال الزراعة والبيطرة على مجالات المشاريع الزراعية كل حسب اختصاصه.

**ثالثاً**: يجب أن يشارك المشرف في دورة تأهيل تنظم من قبل المديرية المعنية.

**رابعاً**: يحدد عدد المشرفين لكل مشروع زراعي وفقاً لحجم ونوع وأهمية ومجالات المشروع وينظم بتعليمات يصدره الوزير.

**المادة (٣):**

**أولاً**: يتحمل صاحب المشروع الزراعي أجور المشرف وتحدد في العقد المبرم بين الطرفين، بعد المصادقة عليه من قبل المديرية المعنية.

**ثانياً**: تنظم أجور المشرفين وضوابط العقود بتعليمات يصدرها الوزير.

**المادة (٤):**

**أولاً**: لا تمنح إجازة المشروع الزراعي دون أن يكون له مشرف.

**ثانياً**: على المشاريع الزراعية المجازة قبل نفاذ هذا القانون تكييف أوضاعها مع أحكام هذا القانون خلال مدة لا تتجاوز (٩٠) تسعين يوماً من تأريخ نفاذه.

**ثالثاً**: يعاقب الوزير كل من يخالف الفقرة (ثانياً) من هذه المادة بغرامة مقدارها (٣,٠٠٠,٠٠٠) ثلاثة ملايين دينار وفي حالة تكرار المخالفة يقوم بإلغاء إجازة المشروع الزراعي.

**المادة (٥):**

تتولى المديرية المعنية مراقبة مهام والتزامات المشرف وصاحب المشروع الزراعي.

**المادة (٦):**

يخضع المشروع الزراعي والمشرف لأحكام قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال العراقي رقم (٣٩) لسنة ١٩٧١ المعدل النافذ في الإقليم أو أي قانون آخر يحل محله.

**المادة (٧):**

تسري أحكام هذا القانون على المكاتب والشركات الزراعية التي تتعامل وتتاجر بالمستلزمات والأدوات الزراعية.

**المادة (٨):**

على الوزير إصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٩):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٠):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١١):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

لغرض تنظيم القطاع الزراعي على نحو أفضل وتوفير فرص العمل لأصحاب الشهادات الزراعية والبيطرية وتأهيل الكوادر في المجال الزراعي من ناحية القدرات ومن الناحية الفنية، شرع هذا القانون.

يعد القانون صادراً بأنقضاء المدة القانونية لإصداره بموجب حكم البند (٢) من الفقرة (اولاً) من المادة (١٠) من قانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و الفقرة (عاشراً) من المادة (١٨) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان – العراق .

**هيئة النزاهة**

**رقم :٢١٧ في ٢٠٢٢/٣/٢**

استناداً إلى أحكام الفقرة (خامس عشر) من المادة (الخامسة)، والفقرة (ثانياً) من المادة (الرابعة والعشرون)، من قانون هيئة النزاهة لإقليم كوردستان – العراق رقم (٣) لسنة ٢٠١١ المعدل، أصدرنا التعليمات التالية:

**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢**

**تعليمات آليات متابعة تنفيذ الإستراتيجية الوطنية لمكافحة الفساد**

**في إقليم كوردستان – العراق (٢٠٢١-٢٠٢٥)**

## الفصل الأول

## التعاريف

**المادة (١):** يقصد بالمصطلحات والتعابير الاتية المعاني المبينة ازائها لأغراض هذه التعليمات:

**اولاً: الإقليم**: إقليم كوردستان – العراق.

**ثانياً: البرلمان**: برلمان إقليم كوردستان – العراق.

**ثالثاً: الحكومة**: حكومة إقليم كوردستان – العراق.

**رابعاً: مجلس القضاء**: مجلس القضاء لإقليم كوردستان – العراق.

**خامساً: المؤسسات المستقلة**: المؤسسات المستقلة المذكورة في الاستراتيجية، وتشمل: ديوان الرقابة المالية، وهيئة النزاهة، والمفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء.

**سادساً: الهيئة**: هيئة النزاهة لإقليم كوردستان – العراق.

**سابعاً:الاستراتيجية**: (الاستراتيجية الوطنية لمكافحة الفساد في إقليم كوردستان – العراق ٢٠٢١-٢٠٢٥) والمنشورة بالجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) في العدد (٢٧٨) بتاريخ (٢٠٢٢/١/٢٥).

**ثامناً: الدائرة**: دائرة الوقاية والشفافية في هيئة النزاهة.

**تاسعاً: المنسق**: شخص طبيعي بدرجة مدير عام الديوان أو ما يماثلها، ترشحه المؤسسة او الجهة المشمولة بتنفيذ الاستراتيجية، للتنسيق مع الهيئة لأغراض تنفيذ الاستراتيجية في الجزء المتعلق بتلك المؤسسة أو الجهة.

**عاشراً: اللجنة**: اللجنة الفرعية لمتابعة تنفيذ الاستراتيجية، التي تتشكل من قبل المؤسسة او الجهة المشمولة بتنفيذ الاستراتيجية.

## الفصل الثاني

## المؤسسات والجهات المشمولة بتنفيذ الاستراتيجية

**المادة (٢):**

وفق الاستراتيجية، فأن المؤسسات والجهات المشمولة بتنفيذها، هي:

**اولاً**: البرلمان.

**ثانياً**: رئاسة الإقليم.

**ثالثاً**: الحكومة.

**رابعاً**: مجلس القضاء.

**خامساً**: المؤسسات المستقلة.

**سادساً**: الأحزاب السياسية.

**سابعاً**: منظمات المجتمع المدني.

**ثامناً**: الإعلام.

**تاسعاً**: القطاع الخاص.

## الفصل الثالث
## مهام الدائرة

**المادة (٣):**

**أولاً**: تقوم الدائرة ممثلة بمديرها العام بمتابعة تنفيذ الاستراتيجية بأشراف رئيس الهيئة، واتخاذ كل ما يلزم للقيام بمهامها.

**ثانياً**: تقع على الدائرة، مسؤولية:

١- متابعة تنفيذ الاستراتيجية.

٢- إنشاء شبكة تنسيق وتعاون بين الهيئة وبين المؤسسات والجهات المشمولة بتنفيذ الاستراتيجية.

٣- إعداد تقارير دورية عن ما تم إنجازه فيما يتعلق بتنفيذ الاستراتيجية، والتحديات التي تواجه التنفيذ (إن وجدت).

٤- حفظ السجلات والتقارير ومحاضر الإجتماعات والبيانات والمعلومات المتعلقة بتنفيذ الاستراتيجية وأرشفتها.

٥- إعداد دليل أسترشادي عن تنفيذ الاستراتيجية.

٦- إنتاج ونشر فيديوهات ومواد ترويجية خاصة بتنفيذ الاستراتيجية.

٧- القيام بالزيارات الميدانية للمؤسسات والجهات المشمولة بتنفيذ الاستراتيجية للإطلاع على سير عمل اللجان الفرعية.

٨- إعداد خطة تنفيذية مقترحة للاستراتيجية لكل مؤسسة أو جهة مشمولة بتنفيذ الاستراتيجية، بالتنسيق مع تلك المؤسسة أو الجهة، عن الجزء من الاستراتيجية المتعلق بتلك المؤسسة أو الجهة.

٩- إعداد نماذج للتقارير الوارد ذكرها في الفقرة (ثانياً) من المادة (الرابعة) من هذه التعليمات، وكذلك إستلام تلك التقارير، وإطلاع رئيس الهيئة بكل ماورد في تلك التقارير من قبل مدير عام الدائرة.

١٠- عقد الإجتماعات مع المنسقين واللجان الفرعية.

١١- عقد المؤتمرات والملتقيات وورش العمل والسمينارات وغيرها من الانشطة.

١٢- إجراء الاستبيانات.

١٣- إنشاء موقع ألكتروني خاص بالاستراتيجية وتنفيذها.

١٤- طبع وتوزيع الاستراتيجية والمنشورات الأخرى الخاصة بتنفيذ الاستراتيجية.

١٥- المشاركة في البرامج التليفزيونية والاذاعية.

١٦- إعداد ونشر الابحاث العلمية والمقالات الصحفية.

## الفصل الرابع
## اللجان الفرعية

**المادة (٤):**

**اولاً**: تقوم كل مؤسسة أو جهة مشمولة بتنفيذ الاستراتيجية بتشكيل لجنة فيها، تسمى بـ "اللجنة الفرعية لمتابعة تنفيذ الاستراتيجية" تكون برئاسة المنسق، مسؤولة عن متابعة تنفيذ الاستراتيجية في الجزء المتعلق بتلك المؤسسة أو الجهة، وفق نموذج الخطة المذكورة في البند (٨) من الفقرة (ثانيا) من المادة (الثالثة) من هذه التعليمات.

**ثانياً**: تقوم اللجنة، بإرسال تقرير ربع سنوي الى الدائرة، يتضمن ما تم تنفيذه من الاستراتيجية، وكذلك تقوم اللجنة بإرسال تقرير ربع سنوي آخر يتضمن تشخيص أسباب التأخر أو عدم التنفيذ (إن وجدت) في الجزء المتعلق بتلك المؤسسة أو الجهة التابع لها المنسق.

**ثالثاً**: يحضر المنسق، الإجتماعات التنسيقية الدورية التي تنظمها الدائرة برعاية رئيس الهيئة، لمتابعة مدى تنفيذ الاستراتيجية في المؤسسات والجهات المشمولة بها.

## الفصل الخامس
## الأحكام الختامية

**المادة (٥):**

تخصيص ميزانية مستقلة لتنفيذ الاستراتيجية.

**المادة (٦):**

تقوم الهيئة باتاحة دورات تدريبية مستمرة للمنسقين واعضاء اللجان الفرعية، ولموظفي الدائرة المعنيين بمتابعة تنفيذ الاستراتيجية من اجل رفع قدراتهم.

**المادة (٧):**

تعد هذه التعليمات نافذة من تاريخ نشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. احمد انور محمد**

**رئيس هيئة النزاهة لإقليم كوردستان - العراق**